
# ریچارد براتیگان

# *Richard Brautigan*



**له فەرەنسییەوە: د. فەرهاد پیربالْ**

ریچارد گری براتیگان 1935–1984 کلیلترین شاعیری نێو شاعیرانی ئەمریکای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمە.

یەکەمین شیعری خۆی لە تەمەنی بیستویەك ساڵیدا 1956 بلاّوکردەوە. لە کۆتایی ساڵانی شەستەکانیشدا، دوای بلاّوکردنەوەی چەند دیوانە شیعرێكو کۆمەڵە چیرۆكو رۆمانێك، دەچوو لەسەر شەقامەکاندا خۆی نووسینەکانی خۆی دەفرۆشت. یەکێك لەو بەرهەمانە دیوانە شیعرێك بوو بە ناونیشانی (تکایە ئەم کتێبەم لێ بکڕە!) کە لە 1968دا چاپی کردبوو.

ریچارد براتیگان کە لە 1935 لە دایكو باوکێکی نادیارەوە لەدایك ببوو و نەیدەزانی کێنو چییان بەسەرهاتووە. دوای ژیانێکی پڕ لە هەراو سەفەرو لێکجودابوونەوەی بەردەوام، لە 1984/10/25 لاشەکەی لەناو ماڵەکەی خۆیدا دۆزرایەوە، گوللەیەکی نابوو بەسەر دڵی خۆیەوە.

براتیگان (نوێگەرایەکی شێت) بوو. ژیانی رۆژانەی خەڵكو واقیعی نەوەی هیپییەکانی ئەمریکای لە تازەترین فۆرمو بە نوێترین شێواز دەردەبڕی.. تا رادەی ئەوەی کە سانسۆری ئەمریکا هەندێ لە بەرهەمەکانی ئەوی بە (نائەخلاقی) تۆمەتبار دەکرد.

براتیگان ژانرەکانی لەناو یەکترداو بەڕووی یەکتردا دەتەقانـدەوە. جگـە لـە ڕۆمـانو شـیعر، چیرۆکیـشی دەنووسـی، کـە بەقەد شیعرەکانی بایەخیان هەیە.

1983 کریستیان بۆرژوا کە ناودارترین دەزگای چاپو بلاّوکردنەوەی لە فەرەنسا هەبوو، داوا لە تـەرجومانێك دەكـا كـە بەرهەمەکانی بکاتە فەرەنسیو پاشان دەعوەتی پاریسی دەکا. ئیتر لە ڕێگەی پاریسەوە بە هەموو ئەوروپا دەناسرێت.

## ئەویندارى

چەند خۆشە
کاتێ سبەینان لە خەو هەڵدەستیت
تەنیا بیتو
ناچار نەبی بە کەسێك بڵێیت
خۆشیت دەوێ،
لەکاتێکدا کە تۆ
ناتوانی چیتر ئەوت خۆش بوێ.



پۆرترێتی ریچارد براتیگان

## ڕۆمیۆ و ژوولێت

ئەگەر لەپێناو من دەمری
من خۆمت بەقوربان دەکەم
با قەبرەکانیشمان
وەك ئەو دوو عاشقە بمێنێتەوە
کە پێکەوە جلوبەرگەکانی خۆیان دەشۆن
لەناو دوکانی غەسسالەیەکی ئۆتۆماتیکیدا
تۆ سابوون لەگەڵ خۆت دەهێنیتو
منیش تایت.

## ڕێنماییەکان

1.هەندێ خواردن بۆ خۆت پەیدابکەو
بیخۆ!
2.جێگەیەك بۆ خۆت پەیدابکە کە بێدەنگ بێتو
لەوێ بۆ خۆت لێی پاڵکەوە!
3.دەنگەدەنگو هەرای بیرکردنەوەو
هەستەکانت کەمێك کز بکە
بۆ ئەوەی بگەیتە بێدەنگیی خۆتو
ئیتر گوێ لەو بێدەنگییەی خۆت رابگرە!

## ڕەنگێک لەپێناو دەسپێکردن

عەشق لەبیر خۆت ببەرەوە

من دەمەوێ لەناو پرچە زێڕینەکەتدا

گیانم فیدات کەم.

## وانەیەک بە کورتی لە بارەی شەقامەکانەوە

هەرچی بەختێکی لە ژیان هەمبوو

سەرجەم ڕێگاکانی بەردەمیشم

هەر هەموویان

لە ماوەی ئەم 41 ساڵەی تەمەنی خۆمدا

منیان لەم شوێنانە زیاتر، نەگەیاندە هیچ جێگەیەکی تر:

تاکو مای، واشنتۆن

گریت فالز، مۆنتانا

ئۆکزاکا، مەکسیك

لەندەن، ئینگلتەرە

بی کیووز، تکساس

ڤیکتۆریا، بریتش کۆلۆمبیا

کی وێست، فلۆریدا

سان فرانسیسکۆ، کالیفۆرنیا

بولدەر، کلۆرادۆ

هەمووشیان منیان بردەوە سەر تەنیا یەك جێگا:

بە تاقی تەنیا لەناو باڕێك

لە (تۆکیۆ) دابنیشم، پێش نانخواردن

بیرەیەك بنێمە سەر دەممەوەو

خواخوام بێ کەسێك هەبێ

دوو قسەی لەگەڵ بکەم.

**تۆکیۆ:** 28**ی مەی** 1976.

1.Richard Brautigan, Ses oeuvres et Sa vie, Un Site.
2.Loup Bambois: Sur Richard Brautigan, paris: 2003.
3.R.Brautigan: The Return of The Rivers, 1957.